# وەرزش

# ئاورێك لە رابردووی وەرزشیی کرێکار زورار عبدالله

ئا: رەحیم ئەحمەدی پوور

لە داێکبووی ١٩٦٢لە رواندز

ناوبراو یەکێکە لەو راهێنەرە دڵسۆزو بە توانایانەی هەرێمی کوردستان و عێراق کە پاش تێپەڕکردنی دەورانی یاریزانی ماوەی چەندین ساڵە بە بەردەوامی بۆ پێگەیاندنی لاوانی هەرێمی کوردستان لە شارەکانی هەولێرو کۆیە خەریکی راهێنانی لاوانی کوردو عەرەب بووە و ئەزموونی بە نرخی خۆی کردۆتە سەرمایەیەك بۆ پەروەردەی وەرزشیی لاوان .

ساڵی ١٩٧٥لە خوێندنگاکان دەستی بە یاری تۆپی پێ کردوەو پاشان چۆتە ریزی هەڵبژاردەی گەڕکەکانەوەو بە ناوەکانی تیمی "خەییام" و "سکەك" یاری کردوە.

ساڵی ١٩٨٠چۆتە ریزی تیمی پۆلیسی هەولێر و لە هەمان کاتیش دا بۆ هەڵبژاردەی هەولێر لە ئاستی لاوان دا یاری کراوە. لە هەشتاکاندا پاش نیشاندانی ئاستێکی بەرز لە یانەی هەولێر ورگێراوە. یەکەم یاری خۆی بۆ یانەی هەولێر لە بەرانبەر تیمی حوزەیرانی کەرکووك بووە و تا ساڵی ١٩٩١ یاریزانی یانەی هەولێر بووە.

لە ساڵانی ٩١ تا ٩٥ چۆتە یانەی برایەتی لە شاری هەولێر و تا ساڵی ٩٤ وەکوو یاریزان بە بەردەوامی لەو یانەیەدا یاری کردوە و لە هەمان ساڵدا وازی لە یاری کردن هێناوە و بۆتە دەستەی بەڕێوەبەریی یانەی برایەتی.

ساڵی ٩٤ یەکەم ئەزموونی خۆی لە خولی کوردستان لە شاری سلێمانی لە گەڵ یانەی برایەتی تەجروبە کردوە، کە بە لێهاتووییەوە جامی خولەکەی بەدەست هێناوە.

ئەوەی کە لە سەرەوە باسکرا، کورتەیەك بوو لە ژیانی وەرزشیی کرێکار زورار کە ئێستا راهێنەری یانەی کۆیەیە و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا خزمەتی زۆری یانەی کۆیەی کردوە و تیمی تۆپی پێی کۆیەی گەیاندۆتە ئاستی پلە یەکەکانی عێراق.

_ناسناوەکانی ناوبراو لە دەورانی یاریزانی‌دا :

١_ساڵانی ٩١_٨٠ بەشداری لە خولی پلە دووەکانی عێراقی لە شاری تکریت کردوە.

٢_ ساڵی ٨٩_١٩٨٥ لە گەڵ یانەی هەولێر پلەی یەکەمی خولی تۆپی پێی عێراقی بە دەست هێناوە.

٣_ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ یانەی هەولێر دوای تێپەڕ کردنی خولی پلە دووەکانی عێراق سەرکەوتنیان بۆ پلە یەك بەدەست هێناوە و لەریزی یانەکانی "گلبە"، "زورا"، "شرگە"، "خویە" و " رشید" بەشداری خولی عێراق بوون .

کرێکار زورار عبدالله لە وتووێژێك لە گەڵ گۆڤاری لاوان دا بەو شێوەیە دوا:

پ: ماوەی چەند ساڵە لە ریزی یانەی کۆیەدا خەریکی راهێنانی ئەو یانەیەی؟

و: ساڵی ١٩٩٧ هاتوومەتە ریزی یانەی کۆیەو لە پلە دووەکانی کوردستانەوە تا پلە یەکی عێراق و مومتازی کوردستانیش لە گەڵ یانەی کۆیە تا ئێستا بەردەوام بووم.

پ: هەر وەك ئاگادارن بە خۆشیەوە ئەنجومەنی باڵای وەرزش و لیژنەی ئولەمپیکی کوردستان یەکیان گرتۆتەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر گەشە سەندنی ئاستی وەرزشیی کوردستان بە گشتی، بەرنامەی ئێوە بۆ خولی یانەکانی کوردستان چی دەبێ؟

و: ئێمە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا مەشق و راهێنانێکی باشمان هەبووە و لە گەڵ چەندین یانەی گەورەی کوردستان یاریمان بەڕێوە بردوە و بە مەبەستی هاوئاهەنگ کردنی یاریزانەکانمان سەردانی وڵاتی سوریەمان کرد، کە لە بواری ئیمکانات و شوێنی راهێنان و هەروەها تێکەڵاوی کولتوری سوودی زۆرمان لەو سەفەرە وەرگرت. لە هەمان حاڵیشدا سێ یاری دۆستانەمان لەو وڵاتە بەڕێوە برد کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوون:

یاری یەکەم: یانەی کۆیە ٢ ___ یانەی محافڤە ٢

یاری دوهەم: یانەی کۆیە ٢ ___ یانەی داریا ٠

یاری سێهەم: یانەی کۆیە ١ ___ یانەی کرێکارانی قینتر ١

لەم دەورەیەدا داوەرانی یەکیەتیی تۆپی پێی سوریە بە نیسبەت ئەرکی نێوبژیوانییەوە زۆر بە توانا و بێ لایەن بوون، کە بە لای منەوە زۆر جێگای رێزە.

پ: رۆڵی پێگەیاندنی وەرزشیی ئافرەتان و منداڵان لە ساڵانی رابردوودا لای ئێوە(شاری کۆیە) بە چ شێوەیەك بووە و پرۆژەی داهاتووتان بۆ پەروەردەکردنی ئەم دوو بەشە چ دەبێ؟

و: بە داخەوە ئێمە وەك یانەی وەرزشیی شاری کۆیە بە هۆی نەبوونی جێگای شیاو و راهێنەرانی بە ئەزموون و دڵسۆز بە شێوەی پێویست نەمانتوانیوە خزمەتی وەرزشیی ئافرەتان و منداڵان بکەین، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر هەلمان بۆ بڕەخسێ زیاتر خزمەتی ئاستی وەرزشیی هەموو قوناخە تەمەنییەکان دەکەین.

********

سوپا رەفیق خەڵەف سکرتێری یانەی وەرزشیی کۆیەیە، کە ناوبراو لە جوابی دوو پرسیاری ئێمەدا وەك بیرۆکەی دامەزرانی یانەی کۆیە چ بوو و هەروەها ئەم یانەیە لە چەندبواری وەرزشیی دا چالاکی هەیە؟، بەم شێوەیە دوا:

و: یانەی کۆیە لە ١٩٩٢/٧/١١ لەگەڵ دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری چەند لاوێکی وەرزشکار مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرت. ئەم بەڕێزانەی لە خوارەوە ناویان دەهێنم، هەموویان دوای تەجروبەکردنی ساڵانێکی زۆر وەرزش و راهێنان یارمەتیدر بوون دامەزرانی یانەی وەرزشیی شاری کۆیە. ئەرکی بەڕێوەبەری و ئیدارە کردنی ئەو یانەیە لە ساڵی ٩٢ تا ٩٤ لە ئەستۆی ئەو هاوڕێیانە بووە:

١_ پێشڕەو تاهیر مەنیف

٢_ ابراهیم صالح رسول

٣_ سوپا رفیق خلف

٤_ خوالێخۆشبوو مامۆستا کاروان عبدالواحد

٥_ مامۆستا شۆرش عزیز

٦_ کریم عبدالرحمان

هەیئەتی بەڕێوەبەریی یانەی کۆیە لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١_ نوری فتح الله، سەرۆکی یانە

٢_ مامۆستا جمال فتح الله، جێگری یانە

٣_ شۆرش عزیز، سکرتێری یانە

لە ساڵی ٩٢ تا ٩٤ سەرۆکی ئیفتخاری یانەی کۆیە بەڕێز مجید میرخان عبدالله بووەو لە ساڵی ٩٤ تا ئێستا ناوبراو وەکوو سەرۆکی یانەی کۆیە ئەرکی ئیدارە کردنی ئەم یانەیەی زۆر بە باشی بەڕێوە بردوە.

ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کە ئێستا خەریکی چالاکی و ئیدارە کردنی یانەکەیان، بریتین لە:

١_ دەوەن عبدالرزاق

٢_ دڵشاد بکر عبدالله

٣_ ابراهیم صالح رسول

٤_ پێشڕەو تاهیر کریم

٥_ نوزاد شفیق

٦_ سوپا رفیق

٧_ محمد حاجی

٨_ کاروان عبدالواحد

٩_ نوزاد عپمان

ئەو بوارە وەرزشییانەی چالاکیمان تێیدا هەیە، بریتین لە:

١_ تۆپی پێی لاوان و گەورەساڵان

٢_ والیباڵی کچان و کوڕان

والیباڵی کچان ساڵی ٢٠٠٤ پلەی سێهەمی عێراقیان لە شاری سلێمانی بە بەشداری ١٤ یانە بەدەست هێناوە.

والیباڵی کوڕان لە ساڵانی ٩٤ تا ٩٩ بە بەردەوامی یەکەمی کوردستان بوون.

٣_ بەسکتباڵی کوڕان کە پلە یەکەمی کوردستانن.

٤_ تۆپی سەر مێز(پینگ پۆنگ)

٥_ تۆپی دەست(هەندباڵ)

**٦_ گۆڕەپان و مەیدان**